# کەسێتیی و بیری رەخنەیی و نەتەوەیی

## شاعیری کورد   مەمەنداغای فانی

## نووسینی د. کەمال میراودەلی

## بەشی یازدەیەم

## له جیاتی ئەنجام

هەندێ کەس دەبن: دەخۆن, دەخۆنەوە , دەنوون, هەڵدەستنەوە, سبەینێیان ئەمڕۆیە, ئەمڕۆیان دوێنێ. فانی گوتەنی (نووستن و نۆشین) ئامانجی ژیانیانە.

هەندێ دەبن: دەیانەوێ مانایەك بۆ ئەم ژیانە خواستراوە بدۆزنەوە. تێدەگەن، دەدۆزنەوە، دەخوازن، دەگۆڕن، دادەمەزرێنن، دانامەزرێن تا ئامانجی بەرزی ژیان دیاری دەكەن و دەقیقە و ساتی تەمەنیانی بۆ تەرخان دەكەن. ئەمانە دەستەی پەیپێبەر و پەیامبەرن. خاوەنی نامە و پەیامن. نووسەری كتێبن و تۆمارکەری داستانن.

گەورە دەبن، بەبوونیان بە بەشێك لە كەسانی دی كۆمەڵەكەیان،لە مرۆڤایەتی.

شوێن پەنجەی خۆیان لەسەر گەڵا وەریوەکانی تەمەن و چیا و چۆڵە سەختەكانی گەردوون جێ دێڵن.

ئەوانە دەستەی دروستكەری مێژوون : مێژووی بیر، مێژووی رەنج، مێژووی هیوا.

فانی لەم دەستەیەیە. ئەو بۆیە وا ژیا كە ژیا چونكە وای هەڵبژارد.

بە خواستی خۆی, بەهێز و وزەی بیر و بیركردنەوەی خۆی, هێز و گۆڕی نوێی بۆ خۆ راگرتن و بەردەوامی دەدۆزیەوە. زانینی كرد بە چاوگەی لەبنەهاتووی دەسەڵاتی زەینی و بیریی بەسەر كارەسات و سوورانی نالەباری چەرخی چەپگەردا. لە بەرامبەر  هەر كۆسپێك، قاڵدرمەیەكی زانگەریی نوێی سەركەوتنی بۆ پلەیەكی باڵاتر دەنەخشاند. فانی دەشیا خۆش بژی، ئەوپەڕی خۆش بژی، كە (ئەویش) وەك (ئەوانی دی) بایە. گەر بە وەزعییەتی ئاغایەتی رازی بایە، بە ریابازیی بژیایە و ژیانی ئاژەڵیی ( عەیش و نۆش) ی بێ ناو و ناواخنی مەعنەویی و هزریی هەڵبژاردایە. گەر خۆی وەك (كوردێكی قەلەندەر) قبووڵ نەكردبایە و بیویستبایە ببێتە ئاغا نەك كوردێكی ئاسایی نائاسایی و مسكێنێكی ناو مسكێنانی گوندەكەی و وڵاتەكەی.

(ناز) فانی هێنایە دنیاوە و (تراژیدیا) پەروەردەی كرد. ئەوەی نەبووبێ یا (موعجیزە) یەكی سەر سوڕهێنەرە ئەوەیە فانی بۆ پەنجا ساڵی رەبەق ئەم هەموو ورە و وزە بێ بنەی لە كوێ هێنا ؟ چۆن لەگەڵ ئەم هەموو ئازار و رەنج و تێشكان و بێهیوابوون و كۆسپی نەزانیی و نرخ نەزانین و هەراسانكردن و هەڕەشەی مەرگ... تەنانەت بۆ یەك سانیەیەكیش، تەنیا یەك سانیەیەكیش،

کۆڵنەدانی نەزانی و بێ هیوایی‌و ڕەشبینی چۆکی پێ دا نەدا ! تەنیا لەدوا ساڵەکانی ژیانیدایە، کە بێهومێدی و ەشبینی لە وەزعی کورد و عەقڵی بە ناو ڕێبەرانی، تووشی (گۆشەگیری) مەبدەئییانەی دەکا، نەك خۆ بەدەستەوە دان و قبوولکردنی ئاخاوتن و پراکتیسی کوردکوژانەی دەسەلات و دەسەلاتداران.

فانی بیرەوانە، هۆنراوەکانی خەرمانی ئارەق و ڕەنج و بیر و بەرنامەی نەتەوەیین.

فانی فەرهادی ڕەنج و (خانی و حاجی قادری) بیر و ئەندێشە و شیعرە.

تەواوکەری قوتابخانەی بیری نەتەوەخوازی ڕەسەنی حاجی قادری کۆیی‌یە.

هەموو هەست و بیر و مەبەستەکانی زادەی تێکەڵکاری تێگەیشتن و ئەزموونی خۆی و بار و چلۆنایەتی و هەلومەرجی کۆمەلگای کوردەواری و باری جیهان و سەردەمن.

فانی ڕۆشنبیرێکی گەورە و خۆکردە، بەو مانایەی خوێندنەوەیەکی بەردەوام و فراوانی هەبووە, ئەوسا لە رادیۆ وە بەردەوام ئاگاداری وەزعی جیهان بووە، بیرو بەرو بەرهەمی پێشکەوتنی سەردەمەکەی هەزم کردوون، کردوونی بە چەمکی لێکدانەوە و ئامرازی شیکردنەوە و ئاسۆی نوێکردنەوە و چەکی خەبات. ئەوسا بۆ ڕەخنە کردن و هەڵسەنگاندن و هەڵتەکاندنی کۆمەڵی خۆی بە شێوەیەکی سەربەخۆ و خۆکرد و خۆ خواز بەکاری هێناون.

فانی (بۆشایی ڕۆشنبیریی) کۆمەلگای کوردەواری لە ئەنجامی داگیرکردن و دابەشکردن, دواکەوتنی شارستانیی، کێونشینیی، نەزانیی، سیستمی قەبیلایەتی و دەرەبەگایەتی, باش حاڵی بووە و بە ناخیدا چۆتە خوار.

بەلام نەهاتووە بیری قوتووی بێگانە بۆ واقیعی کوردستان بخوازێ و بیسەپێنێ، بەهەندێ (مەقولات) و (بیرۆکە) ی نامۆ بە میکانیزم و دەمار و جومگەی بنیاتی کوردی خۆی بکاتە فس فس پاڵەوانێکی فیکری و کورد دابەش دابەش کا و فەلسەفەی کوردایەتی و کوردستانی بوون و یەکبوون و پرۆژەی ژیاندنەوەی نەتەوەیی کورد بکاتە قوربانی بیری بێگانە و نەخشەی نەتەویی و داگیرکەران.

فانی دکتۆرە، مامۆستایە، پەروەردکارە، کۆمەڵناسە، مێژوو ناسە، جوگرافی ناسە، ئەنترۆپۆلۆجیستە، بیرەوانە، ڕۆشنگەرە، تیئۆرەوانە، مێژوو نووسە، تاکتیك زانە، پارێزەرە، خەتیبە، ڕێبەری حیزبە، وتار نووسە، سەرکردە و ڕێبەرێکی نموونەیی‌یە.

وەك مرۆڤیش ڕەنجدەرە، مسکێنە، جووتیارە، عەشیرەتییە، ڕاستە، پاکە، دڵسۆزە، خەمخوارە، خۆ بەختکەرە، بوێرە، نەترسە, یاخی و شۆڕشگێڕە.

لەو ڕۆژەوە چاوی بینین و هۆشی ناوەوەی پشکوت، لەگەڵ گەلەکەی و بۆ گەلەکەی ژیا، گەرچی گەلەکەی لە دەریای ئازار و دەرد و تراژیدیا و بێ ئومێدی و نرخ نەزانیی بەولاوە هیچی پێشکەش نەکرد.

بەلام فانی قەناعەتی بەو دنیا ئازادەی ناوەوە هەبوو کە بۆ خۆی دروستی کردبوو، دنیای شیعرەکانی. لەو دنیایەدا خەیام و فیردەوسی و عیشقی و **حافف** و **نیزامی** و جامی و مەولەوی و خانی و حاجی قادر و مارکۆنی و ئەدیسۆن و گاندی و چەرچل و ڕۆزفلت. هتد  هاودەم  و هاوبیر و هاورێ و هاو خەم و هاوخەباتی بوون.

**فانی دەفەرموێ:**

**سەعدی، نیزامی، خەیام و فیردەوسی**

**هەموو وەك من بوون غەمبار و برسی**

**لەمەش زیاتر خەونە گەورەکەش بۆ سانیەیەکیش لێی جیا نەبۆوە , خەونی ئەوەی زەمانێ بێ کورد ببینێ نەك بە روالەت و بە بۆشی (ئازادە), بەڵکو خوو و عادەتی گەلانی شارستانی و پێشکەوتووی سەردەمیی وەرگرتووە:**

**خودا فانی بژی تاکو زەمانێ دێ بە ئاشکرا**

**دەڵێن کوردیش بە زانایی رەوشتی میللەتانی گرت.**

**واتە گەلێکە دەخوێنێ، دەخوێنێتەوە، دەنووسێ، دەناسێ، دەخوازێ، دروست دەکا، دادەمەزرێنێ. گەلێکە زانین و رووناکبیری کردۆتە مەرج و مەوداو مەڵبەندی ژیان و تێکۆشان و سەرکەوتنی.**

**هێشتا زۆری ماوە ئەو خەونەی فانی بێتە دی. هێشتا ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە و ئەو سەرە گەندەڵانەی (فانی) وا بە راشکاوی و ئازایی وەك رێگری پێشکەوتن و ئامرازی دواکەوتن و داگیرکردن دەستنیشانی کردوون، هێشتا لە کار دان. بەڵام وەك فانی دەڵێ ((لافاوی سیاسەت)) ی جیهانی گەیوەتە کوردستان. ئەوانەی تێدەگەن و هەل وەردەگرن پێدەگەن و سەردەکەون.**
**ئەوانەی بە چاوی جەهالەت و دڵی کوێری تەماع و خۆ پەرستی و پێشوازی دەکەن و بە نائینسانیی ئەم دەرفەتی ئازادبوونە دەفرۆشن، ئەوانە درەنگ یا زووو دەبنە هاورێ و هاونشینی سەددام و عودە و قوصەی.**
**دنیا هەموو شتێ قبووڵ دەکا درۆ و وەستان و نەگۆڕان نەبێ.**
**ئەوەی گرنگە و فانی لە گوفتار و کرداریدا بەدرێژایی ژیانی بەرجەستەی کردووە، لەگەڵ ئەو هەموو بێدادییەشدا پەیامی کۆڵنەدان و نەبەزینە بۆ لاوی کورد لە پێناوی بەدیهێنانی سەربەخۆییدا:**

**ئەگەر چی زۆرە زەغت و بێ مرادیی**

**ئەگەر چی زۆرە بێرەحمیی تاوانکەر**

**دەبێ خۆ راگری ئەی لاوی ئازا**

**کەسەربەستی نەما نرخی کوا، سەر**

**ئەگەر سیی ساڵە شەو رۆژی نەدیوە**

**دەبێ هەر بێتە دەر رۆژی مونەووەر**

**بەسەر خاکا بکێشێ نووری هیوا**

**نەهێڵێ تۆوی میکرۆبی ستەمگەر**

**دوا سەرنج :**

**لە 16 ی مایسی 2005 تا 7 ی تەمووزی 2005 بەسەردان گەڕامەوە کوردستان. یەکەم ئەرك و پڕۆژەم چاپکردنی دیوانی فانی باوکم بوو لەگەڵ نووسینی پێشەکییەك بۆی. بەداخەوە وەك چاوەڕێم دەکرد دیوانەکە بە تەوای نەنووسرا بۆوە... زۆر کاتم بە هەڵەچنی کۆمپیوتەرنووسەکە بەسەر برد. زۆربەی کاتیش بۆ ئەرك و سەرقاڵی کۆمەڵایەتی و میوانداریی رۆیشت.. کاتێکی کەمم لە بەر دەستا مایەوە، خەریکی نووسینی پێشەکییەکە بم کە ئەم باسەی لێ دەرچوو. دیارە ناتەواوە و بەو شێوە نییە کەخۆم دەمویست و دەمەوێ. زۆر بابەت و لایەنی شیعریی فانی باس نەکراوە. بەڵام بلاوکردنەوەیم بە باشتر زانی لەوەی دیسان دوا بکەوێت و دەرفەتێکی ئاوام بۆ هەڵنەکەوێتەوە.  بێگومان کتێیب و لێکۆڵینەوەی دی بەدوادا دێن.**

**لەبەر سەرقاڵیم بەم ئەرکە سەزەکییەو بەچاپگەیاندنی چەند کتێبێکی دیکەی خۆم نەمپرژایە سەر ئەوەی تەنانەت سەردانی براو خوشك و کەس و کارو خزم و دۆستانم بکەم و ماوەیەك لەگەڵیان بەسەر بەرم. ئێستا کە پاکانەکەم دەزانن، دەخوازم وهیوادارم بمبەخشن.**

**هەروا نەمتوانی وەك ئارەزوی دڵم بوو بەخاکی جوان و رازاوە و ئازاد و پان و بەرینی کوردستانەکەمدا گەشت و  گوزار بکەم. بەڵام بەختەوەرم کە تۆزێك لە ئازاری ویژدانم بەرامبەر (فانی) مەزن کە نەك کەمال ومناڵەکانی تری, بەڵکو (وەك حاجی قادر) هەموو کوردی بەرۆڵەی خۆی دەزانی، کەم کردەوە.**

**سڵاوی دڵ لەوانەی رێبازی خانی و حاجی قادر و فانی بەرنادەن.**

**سووپاسی زۆریشم بۆ خوارزای خۆشەویستم کاك کارزان شەریف کە ئەرکی پەلەی بۆ نووسینەوەی ئەم باسە کێشا و بۆ کاك ئاگر و کاك ئازاد لە دەزگای چاپ و پەخشی قانیع کە لەخۆبوردووانە و دڵسۆزانە بۆ خێراکردنی نووسینەوەی دیوانەکەو دیزاینەکەی, ئەرکێکی زۆریان کێشا.**

**کەمال میراودەلی**

**کارێزە وشك- سلێمانی**

2005 \7\ 2